# لە مهابادەوە بۆ مهاباد: خەونی شیرینی کورد!

**بەسام مستەفا**

**رێکەوت: 1946/6/12**

**شوێن مهاباد!**

**لەوێ، لە خاکی تینوو بە ئاسۆ و ئازادی یەکەم تۆ چێندرا. لەو گۆڕەپانە جوانە- چوارچرا- لە جەرگەی مهابادی بریندار یەکەم تیشکی هیوا هەڵهات.**

**کورد بە پەرۆشەوە بەرەو لانەی یەکەم خورپەی ژیان هەنگاوی نا، چەند و چەندی لێ کوژرا و هەر نەمرد، کورد لە هەموو بەرزایی و نزمایییەکانەوە لەوێ یەکیان گرت بۆ ئەوەی یەکەم بەردی بناغەی ئەو بنیادە دابنێن کە تا ئێستا تەواو نەبووە. چاوی پێشمەرگە بە تفەنگە درێژەکانیانەوە کراوەبوون و پاسەوانی خەونەکە بوون. ئاڵا و چیاو ژان و ئاسمان وەك خەون درێژ چاودێری ناوچە دەورە دراوەکە بوون، چەند پیاوێك بە جامانە و جلی کوردیەوە لەبەردەم سەکۆیەکی سادە وەستاون و بارزانی نەمر خەون ئاودەدات و پیاو و تفەنگە هەرگیز ئاگر نەبڕاوەکانی پێدەبەخشی. لەسەر سەکۆکە قازی سادە و پێشەوای مەزن- قازی محەمەد- سڵاو بەرز دەکاتەوە و ئاماژە بۆ ئاسۆکان دەکات کە ئێمە وا هاتینەوە، ئێمە ئەوانەی هەرگیز نەرۆیشتین!**

**لە مهابادەوە –کچی خۆر- وەك بریسکەیەکی هاتوو لە چیرۆکەکانی جنۆکە و وڵاتی داستانەکان و لانەی شارستانیەت-میزۆپۆتامیا- و سنووری گلگامش و کاوەی ئاسنگەر، خەونی شیرین بریسکەیدا. ئەو کاتە کە هێشتا ئاگری شەڕ هەر بلێسەی مابوو، قازی بینی دەرفەتی ئەوە هاتووە کە رووناکی بۆ خۆری دا پۆشراو بگێرێتەوە، رەنگەکان بگەڕێنەوە سەر رەسەنایەتی و ریزبەندی ئەزەلی خۆیان. لە چوار چرای خەون و لەسەر سەکۆیە بچوکەکەی هەموو حەقیقەتێکی درکاند... گشت ئاسۆکانی گەش دەبینی وەك ئەوەی بزانێ کە رۆژگار چی بۆ ئەو و گەلەکەی هەڵگرتبێ، بەڵام ئەو زانینەی رێی لێ نەگرت کە رێگا بۆ خەونی بەیانی چاوەڕوانکراو فراوان بکات، وەك کیژۆڵەیەکی پاکیزە بەداوی دڵە بچوکەکەی خەونێکی گەورەی بە قابارەی ئاسمان بۆ خۆشەویستە دوورەکەی دەهۆنیەوە! قازی زۆر لە خۆ بوردوو بوو، دەستی هەژارانی مهابادی دەگرت و زویرانی ئاشت دەکردەوە و لە کاتی خۆرئاوابووندا بە بەناو کێڵگەکاندا پیادە رێی دەکرد و لە شەودا دەگەڕایەوە ماڵەکەی بۆ ئەوەی شتێکی سادە لەوەی کە خێزانەکەی ئامادەی دەکرد بخوات و دواتر بخەوێ و خەون بە بە یانیەکی باشتر بۆ مهاباد و خەڵکە هەژارەکەی ببینێ.**

**جوان بوو.. بە هەردوو چاوی خەواڵوەکانی و رووی گەشی و ریش و قژی تەنك و ئەو پانتاییە فراوانەی خەم کە لە ناخی دا دەیشاردەوە. دەیزانی چی دەکات و بە گڕە بلێسە دارەکەی لە حەقیقەت نزیك دەبوویەوە، کە دەبوایە وا بکات و دەستپێك بە خوێنی بێگەردی خۆی بنەخشێنێ بۆ ئەوەی نەوەکانی رێبازی خوێن لە دوای ئەو تەواو بکەن.**

**یانزە مانگ خەون بەردەوام بوو. رۆڵەکانی بەڕاستی وەفادار بوون و لەوماوە کورتەدا کاری دەیان ساڵیان بەجێ گەیاند و هەر تەنها خۆیان داهێنەری دەستپێکە سەختەکەن، کۆتاییان دەبینی کە نزیك دەبوویەوە**

و بۆنی ناخۆشی نەوت ئەو ناوەی داگرتبوو و هۆشداری ڕەشگەری و ژانی دەدا.یانزە مانگ ئاڵای کوردی بە ڕەنگە بێگەردەکانیەوە لە ئاسمانی مهاباد دەشەکایەوە و سرودی نیشتمانی لە شارەکە بەرز دەبوویەوە و خاك بە کوردی قسەی دەکرد. لەویٚ قەدەر ویستی کە سەرۆك مەسعود بارزانی کوڕی بارزانی نەمر لەدایك ببیٚ کە ئەوکات بارزانی نەمر پاسەوانی کۆماری لەدایکبوو بوو و بە پەرژینی خۆشەویستی و وەفاداری پەرژینی کردبوو،بەر لەوەی دوژمنان بۆ کوشتنی خەون کۆببنەوە، لەگەڵ پێنج سەد لە قارەمانان لە ڕیٚ برینێکی داستانی کەم وێنەدا بەرەو یەکێتی سۆڤیەت چوو و لەگەڵ خۆیدا ئەمانەتی قازی محەمەدی برد: ئەو ئاڵایەی کە ڕۆڵەکەی قبوڵی نەبوو تەنها بە ئاسمانی کوردستانەوە نەبیٚ.

یانزە مانگ وەك ئەوەی کە ڕۆڵەکانی مهاباد هەستیان بە نزیك بوونەوەی کۆتایی لە سەرەتا دەکرد، شەو و ڕۆژ لە جوولە دابوون ، شانۆ و سروود و قوتابخانەی کوردیان دامەزراند و کتێبیان چاپکرد و گۆڤار و ڕۆژنامەیان دەرکرد، بە ویستێکی پتەوی وەك چیا سەرکەشەکانی کوردستان هەموو ئەمانەیان ئەنجامدا.

مێژوو بۆ ڕۆڵەکانی کاوا لە سەنگەر دابوو، وەك هەموو جار چیرۆکە تاڵەکە دەستی پیٚ کرد و ڕەشەبای سیاسەتە نێودەوڵەتیەکان هەڵی کرد کە هیچ لە ئاسۆکاندا نابینیٚ جگە لەوەی کە خۆی دەیەویٚ ببینیٚ. موساوەمە و فرۆشتن کرا و کوردی بەهێزی بیٚ هێز دووبارە بووە قوربانی،بەڵام ئەوان هەموو جار وون دەبن بەڵام کۆڵ نادەن و سەر لەنویٚ بەهێزتر و ڕێك پۆشتر دێنەوە.

لەهەمان گۆڕەپان و دوای یانزەمانگ لە لەدایك بوون،دەبوایە لەدایك بوو قوربانیەك سەربڕیٚ بۆ بێگانە و ڕۆڵەکانی ڕەگەزپەرستی، ئەوانەی کە کوێراییان داهات و لە بۆنی خوێن زیاتریان بەدڵ نەبوو تا ئەو شوێنەی کە دەستیان پێی دەگەیشت و نەیاندەزانی کە خوێن هەر خوێن دێنیٚ و حەقیقەتیش مەحاڵە هەر هاتووە و بە هێمنی دێت،هەرگیز پەلە نازانیٚ بەڵام قۆناغ قۆناغ وەك شنەی با بە نەبینراوی نزیك دەبێتەوە.

لە چوار چرا تۆڵەیان لە کاوە سەندەوە و نەیانزانی کە ئەو کاوەیەی بەر لە هەزاران ساڵ ڕا پەری هەزاران کاوەی دیکەی لێوە پەیدا بوو و خۆیان حەشارداوە و لە ناکاو نەبیٚ دەرناکەون کاتیٚ ستەمکاران وا دەزانن لە بین چوونە و شوێنەواریان نەماوە!

سەر لەبەیانی ئەو ڕۆژە قازی محەمەد لە سێدارە درا کە زۆر ئارام و لەسەرخۆ بوو بە جلی تەواویەوە ئەوەی ئەیبینی کە بە پەتی سێدارەوە هەڵواسرابوو هەستی بەوە دەکرد کە چەند ئارام و رازی بەڵکو شانازیشی بەو کۆتاییەی دەکرد،ئەو پێشەوایە بوو کە بەردی یەکەمی بنیادنانی خەونی نەمری دانا و بە خوێن ئاو درا و چەند و چەند قوربانی بۆ درا و چووە پاڵ کاروانی بەردەوامی قارەمانان و شەهیدان.

قازی محەمەد، ئەگەر کورد وەك نەریتی شیشانیەکانی بکردایە لە ناونانی چیاکانیان بە ناوی قارەمان و شەهیدانیان ،ئێستا ناوی لەسەر گەورەترین و بەرزترین و سەرکەشترین چیای کوردستان بوو.ئەو پێشەوا شەهیدە کە لە هەورێکی سپی دەچیٚ کە لە خێر و ئاشتی و خۆشەویستی بترازیٚ هیچیتر نابارێنیٚ،ئەو کوردێکی ڕەسەن بوو ،جگە لە خوێن و ژیانی ڕاسپاردەیەکی بە نەوەی تازە بەخشی لەوانەی کە بەرەو پێش و بەرەو خەونی بۆنخۆشکراو بەخوێنی قازی و سەرجەم شەهیدان دەچن.ئەوانەی بۆکوردستان نەبن نەژیاون و لە پێناو کوردستانیش گیانیان سپاردووە.

**لەیادی کۆماری یەکەمی کوردستان- مهابادی عەشق- با هەموو کەس راسپاردەی پێشەوا قازی بخوێننەوە و با ببینن چۆن خەونەکە نزیکە و خەونەکە ئازیزە و شیاوی بەدی هاتنە، و لە مهابادەوە بۆ مهاباد هیچ شتێك جوانتر نییە لە هیوا ... و بەدی هاتنی خەون.**